# شەپۆل ئەسپی تووڕەن چەپۆکان ئەکەن

پەڕاوپەڕ زرێبار
شەپۆلە شەپۆلە شەپۆلە
لە چوونا
لە هەڵچوون و داچوونی بێ هان و هوونا
لە چەرخەی هەبوونا و لە ڕەوتی نەمان و نەبوونا
نەمانێک بە خەوتن لە کۆشی کەفاوی کەنارا
لە چوونا
پەشۆکاوە
مل پێوەناوە
شەپۆل
پشوو لێ بڕاوە
وەکوو ئەسپی تووڕە، چەپۆکان ئەکا
بێئاگایە بۆ کوێ دەچێ
،هەر دەچێ و داژوێ تا قەراغی لەناوچوون
،قەراغێ کە مۆڵگەی نەمانە
کە دوامەنزڵی هەر شەپۆلێکە
ورد و درشتی
بەڵام لە شوێن هەر شەپۆلێ
هەزاران شەپۆلی پشووتازە دێن و بەڕێوەن
کە وەک ئەسپی تووڕە، چەپۆکان ئەکەن
***
تەماشا کە، بڕوانە. فەوجی شەپۆلە
کە هەر دێن و دێن و لەدوایەک لەدوایەک
قەراغی زرێبار ئەپێکن
دەموچاو لە ئاوی چەو و خیز و ئامێزی ماسەی قەراغا ئەشۆن و
سەریشیان لە داوێنی بێڕەحم و بێئاوەزی تاشەبەردان ئەنێن و
لەوێ دائەمێنن

له چوون و له بوون ڕائەمێنن
له بستێنی مەنزڵگەیان ڕائەوەستن،
لەوێ دائەشۆڕن،
ئەگۆڕن
لەوێ ئەبنە شۆڕاوی خاوی کەفاوی
له بستێنی مەنزڵگه
کۆتایی پێ دێ هەبوونی شەپۆلی
له شوێن ئەو شەپۆله
به لەشکر شەپۆلی پشووتازە دێن و بەڕێوەن
که وەک ئەسپی تووڕە، چەپۆکان ئەکەن
***
له جەنگەی تەوژم و هوروژما
له بەرزبوونەوە و دانەوینا
شەپۆلن که هەر دێن و دێن
دێن و دەشکێن بەسەر یەکترینا
وەکوو پۆله باڵندەکان، دەم لەسەر پشت
سەر و باڵی خۆیان به ئاسمانی ئاوا ئەکێشن
چما هەر به یەکتر ئەڵێن:
You Can’t Go Home Again
بەڵام له شوێن پۆله باڵندەکان
چەنان پۆلی تازە بەڕێوەن
که وەک ئەسپی تووڕە، چەپۆکان ئەکەن
***
زرێبار شەوان هێدیه
چ خۆشه مەلەی ناو زرێباری بن خێوەتی مانگەشەو
چ سوکنایی بەخشه، چ سارێژکەری زامەکانه
شەوانه تەواو هێدیه
بەس به ڕۆژا زرێ-لەرزه ئەگرێ،
چلۆن بوومەلەرزه تەکان و هەژینی زەوینه
زرێ-لەرزی ڕۆژانه ڕەسمی هەژینی زرێباره
شەوان ئەم زرێباره چەن هێوره،

ئەرخەیانە
لە بن خێوەتی مانگەشەو، دادەهێزێ بەجارێ
،شەوانە شەپۆلانی نەسرەوتەنی
تا درەنگ ناخەون
هەزاران چپە و مۆرەمۆر و هەوای ئاشقانە
لە گوێی هاوشەپۆلانی خۆیان ئەخوێنن
لەسەرخۆ، بە چرپە، بە هێواشێ. بێدەنگ
گەلێ چرپە ئاوازی خۆش خۆش
بە گوێی یەکترینا ئەچرپێنن
هەتا خەو ئەیانباتەوە
خەوی بێخەمی و بێئومێدی و ئەرامەننەیی
زرێبار کە دایکی شەپۆلانە
بە گۆرانی نەرم و حەزینی
لە بێشکەی تەژی مێهرەبانی
ڕایان ئەژێنێ
کە مانوویەتی گشت چەپۆکانی ڕۆژیان لە تەن داتەکێنێ
***
بەڵام ئەی بە ڕۆژا؟
بە ڕۆژا هەدادان لە ئاوا محاڵە
،پشوودان لە ناوا نیە
،بێوچان هەر شەپۆلە دەجووڵێ
دەگاتە قەراغ و لە بن تاشەبەردێکی بستێن
لە جووڵان ئەوەستێ
ئەنیشێتەوە
شەپۆل ئەسپی تووڕەن چەپۆکان دەکەن
لە جووڵەی نشێو و تەوژما
لە هان و هوروژما
،لە هەڵچوون و داچوونی بوون و نەبوونا
***
زرێبار بەیانانە شینە
هەمان ڕەنگی شینی گەشی ئاسمانی سەروو خۆی

لەگەڵ نیوەڕۆدا دەچێتە کەشی خۆڵەمێشی
چما خاک و خۆڵی بیابان لە سیمای دەنیشێ
،کە ئێوارە دادێ
شەبەق تیشکی سووراو ئەهاوێتە گیانی
ئەڵێی تاو و تینی ژیانە ئەزێتە هەناوی
ئەڵێی هاز و هاڵاوی گەرمای نەوەی ئاگرەسوورە
بە گیان دانەدانەی شەپۆلا گەڕاوە
***

**(هاوار و پرسیار)**

هۆهۆ زرێبار
!زرێبارەکەی بریندارەکەی لێوبەبارەکە
!شیرین ئاوەکەی بۆن گوڵاوەکە
،تاوێ لاوەکە
:بۆ لای سکاڵا و پرسیار و داوام، ئادەی لاوەکە
ئاخۆ ئەتوانی تاوێ ئارام بی
بەشکەم من ئەمشەو
شەوگاری ئەمشەو
بەشکەم خەمانی چەنای چەن ساڵەم
هەزاران زامی نەشۆراوەی گیان
لە پەنای شەوقی مانگەشەوەکەت
تۆزی سارێژ کەم؟
ئاخۆ ئەتوانی؟
نانا
،وابزانم
هەرگیز ناتوانی
هەرگیز نەمدیوە
تۆ ئۆقرە بگری
نە خۆت نە هاژە و هوروژمی ئەسپی تووڕەی شەپۆلت
ئارام ناگرن
تا کۆتایی کار
،تا کۆتا کردنی کۆڵبەری بۆ نان

تا لەناو بردنی ژینی کۆیلەیی و کۆڵبەری مەینەت
تا دوامەنزڵگای ڕزگاری هەموان
هەتا مەنزڵگای ئازادی ئینسان
منیش لەگەڵتان
"بە پێی بلووقاوی و لەشی زامارەوە"
تا لووتکەی ئامانج
لووتکەی ئامانجمان:
ڕزگاری ئینسان، ڕزگاری ئینسان!

چاوە/ فاتح شێخ
2022/11/03 – ١٤٠١/٨/١٢